
www.kurdistannet.org
16-9-02 00:36:51

# من و کەنداوی مەرگ

حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ



- ١ -

من چۆن بتوانم ؛لە سای درەختی ڕابردووی عومرا
بە ڕاشکاوی، بیر لە ئێستاکەی خۆم بکەمەوە .
+ پیاوانی گەورە . .ئەی داری کۆتەڵ
بیەڵێن بەدەم شنەی ئازاری یادی دوێنێما تێر بتلێمەوە
ڕێدەن ئەی پیاوان، ئەی پیاوانی زڕ ! !
من چۆن بتوانم،
دڵنیا لەژێر تیشکی هەتاوی سبەینێی خەونا
. . . . .بۆ تاوێ بمرم، بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە . . ! !
داری زڕ ڕێدەن، لە سای ئێوەوە ؛
* دوێنێم حەسرەتە
* ئەمرۆم پەژموردە
*سبەینێش، سەختە
ئەی پیاوی کۆتەڵ !
ئا ئەم دیوارەی ناوتان لێناوە سوونەتی ژیان . .
چیای بیابانە ، قەڵای نێو ئاوە
+کێ بوو لە ئێوە، کامتان لە پێشا ، واپیا هەڵزنا !؟
ئێستا لە جەرگەی کەنداوی مەرگا قیت ڕاوەستاوە . .
پیاوانی کۆتەڵ، پاڵەوانی کەچ، لەسای ئێوەوە . .
لە ڕۆژهەڵاتی پەترۆڵدا ئەمرۆ ؛
مرۆ ئاژەڵە و، ئاژەڵیش مرۆ . .
ئاژەڵی سبەی ؛ ژەمی ڕۆژانەی
. . . . . .کۆکتێلی نەوتە
ئینسانی سبەی ؛بەردی چەور ئەجوێ و
. . .هەمیشە خولیای سەحرا و ئەشکەوتە . . ! !

- ٢ -

www.kurdistannet.org
16-9-02 00:36:51

* دوێنێم حەسرەتە

* ئەمڕۆم پەژموردە

* سبەینێش، سەختە

-٣-

دوێنێ پاڵم نا بە ساڵانەوە ،

ساڵیش تەمەنی کەدەر و شوومی بۆ نووسیمەوە . .

ئەمڕۆ یاخیم لە وەیشوومەی دوێنێ

کانی جۆگەلە و، دەریای ڕووباری یادگارییەکانم

تینوێتی ئەمڕۆم هەرگیز ناشکێنێ . . . . . . . .

+ ئەمڕۆکە خەونت پێوە ئەبینم

ئەی < سبەینێ > ی خەم . .

هێی < سبەینێ > کەی چیای سەخت و تەم !!

ئەمڕۆ یاخیم لە هیواکانی خۆم . .

لە سبەینێی تۆ . .

چونکە ئەزانم لەوەیە سبەی ؛

پاشگەز ببمەوە و بمرم بۆ ئەمڕۆ !!!

- دوێنێم حەسرەتە
- ئەمڕۆم پەژموردە
- سبەینێش، سەختە !!

پیاوانی گەورە !!

من چۆن بتوانم، لە سای درەختی ڕابردووی عومرا

بە ڕاشکاوی، بێ ترس و پەروا . .

بیر لە ئێستاکەی خۆم بکەمەوە

ڕێدەن، بیەڵێ بەدەم شنەی ئازاری

یادی دوێنێما تێر بتلێمەوە !

ڕێدەن، ئەی پیاوان

ئەی پیاوانی زڕ . . . .

داری زڕ ڕێدەن، لە سای ئێوەوە ؛

* دوێنێم حەسرەتە

- ئەمڕۆم پەژموردە
- سبەینێش سەختە !!!!

سلێمانی / خەزەڵوەری ١٩٩٠

www.kurdistannet.org
16-9-02 00:36:51

( * ) ئەم شیعرە لە دەموەختێ شەڕی کەنداوی دووەما نووسراوە و هەتا ئەمڕۆ ڕووناکی بڵاوکردنەوەی بەرنەکەوتووە ـ وەك زۆر لە شیعر و نووسراوەکانی دیکەم ـ لێ بەزم و شەڕی کەنداوێکی دیکە بەڕێوەیە و خوێندنەوەی ئەم دیدەنیگایە بۆ ڕۆژگاری شەڕ وماڵوێرانی هەزاران و هەزاران لە وڵاتەکەمانا ، پێدەچێ کۆن و نوێی بۆنەبێ و ئەوەتا پاش دووازدە ساڵ لە نووسینی ئەم هۆنراوەیە ، کەچی هێشتاکە ئەو دەرد و مەینەتییە ڕوو لە ماڵی هەموواننمانە ، ڕاستەوخۆ بێ یان نا ڕاستەوخۆ ، بەو هیوایەوەی کە چیدیکە پیاوانی زڕ لە نیشتمانەکەمانا ڕۆڵی سانسۆر و ئاغا و خوا و گەورە پێوەر و نیشاندەری ژیان و مردنمان نەگێڕن . . سواری ئەستۆی هیوا و ئاواتە زەبەندەکانی ژیانی ئەمڕۆو سبەینێمان نەبن . . زارۆکی ئازادیمان چیدیکە لە نێو لانکدا نەخنکێنن . . . . . .